

# ئەحمەدی نژاد، بەرهەمی شکستی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتی

## ١_٢

ئەبووبەکر مودەڕیسی
و/فەرامەرز سەجیم

- ئەو پێوەندییە دەسکردانەی کە ئیسلاحخوازانی دەوڵەتیی لە نێوان ئازادییە سیاسییەکان و دۆخی ئابووری دروستیان کردبوو و بە پێڕەو کردنی فۆرمۆلی پێویستتر بوونی گەشەی سیاسی لەچاو گەشەی ئابووری، لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا کە لە دەسەڵاتی سیاسیدا شەریك بوون، لە راستیدا لە لایەکەوە سەرپۆشێك بوو بۆ چاوەڕوان راگرتنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە وەزعی ئابووری‌یان رۆژ بە رۆژ روو لە خراپی بوو و لە لایەکی‌ترەوە خۆیان لە حاست کێشە و گرفتی چینە بن‌دەستەکان بێ‌وەزیفە بکەن.
- نابێ فەرامۆش بکرێ، ئەو ئەسڵانەی کە ئیسلاحخوازانی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبەستەوە، زۆر بنچینەدارتر و کۆن‌ترە لە هەشت ساڵی رابوردوو و یان ئەو تاکتیك و ستراتێژییانەی ئەوان لەم چەند ساڵەی رابوردوودا رەچاویان کرد. لە زۆر کاتدا رەچاو کردنی گەلێك تاکتیکی دیاریکراو بۆ پاراستنی نیزام لە بەرامبەر جەخت کردنە سەر ئەو بەرنامە ئیسلاحیانەی کە بە خەڵك بەڵێنی درابوون، لە مێژوویەك سەرچاوە دەگرێ کە ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کرد.

شکستی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییدا نابێ بە شکستی داخوازییە سیاسییەکان لە بەرامبەر داخوازییە ئابوورییەکان دابنرێ. یەکێك لەو لێکدانەوانەی کە بە رواڵەت هەم بە لایەنی کۆمەڵناسی و هەم لایەنی رەخنە لە خۆگرتن دەژمێردرێ، ئەوەیە کە بە هۆی گرینگی کێشە ئابوورییەکان و کەمتەرخەمی لە حاست ئەم مەسەلەیە لە لایەن ئیسلاحخوازانەوە، رێگە خۆشکەری شکستی ئیسلاحخوازان و سەرکەوتنی باڵی پاوانخواز بوو. ئەگەرچی کاتێك ئەم لێکدانەوەیە ئاماژە دەکا بە گرینگیی کێشە

ئابوورییەکان، هێندێك حەقیقەت لەخۆ دەگرێ، بەڵام بە گشتیی و بەلەبەرچاو گرتنی رووکەش بوونی ئەم تێڕوانینە  نادروست و پڕلە وەهم و گومانە. ئەگەر هێزە تێکۆشەرەکان، لە خەباتی داهاتوویاندا ئەم لێکدانەوە و دەرەنجامەکانی وەك رێنوێنێك رەچاو بکەن، لەباری سیاسییەوە گەلێك ئاکامی زیانباری لێدەکەوێتەوە.



لەبیرمان نەچێت کە باڵی پاوانخواز، واتە مافیای دەسەڵات و سەروەت لە ئێران و چاپەمەنییەکانی سەربە ئەوان، وەك رۆژنامەی" کیهان"، بە قسە کردن لە پێویستی چارەسەری کێشە ئابوورییەکان بە جێگەی "زۆربڵەیی لەمەڕ ئازادی" دەمێکە دەستیان داوەتە بەربە رەکانێ لەگەڵ ئیسلاحخوازی و بێبایەخ کردنیان، نوێنەری پاوانخوازان کە لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکەوت، هەر بەم دروشمەوە خۆی ناساندووە. خراپتر لەوە ئەمەیە کە قەبووڵ کردنی ئەم لێکدانەوە و دەرەنجامەکانی هەڵوێستی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی لەم هەشت ساڵەدا، لە بەرامبەر داخوازییە ئازادیخوازانەکانی خەڵك و فۆرمۆلە کردنی ئەم داخوازییانە و سەرەنجام شێوەی بەدواداچوونی بەعەیب و گرفت نیشان دەدا و لە رەخنەی جیددی دەیپارێزێ. ئاوێتە کردنی داخوازییە رەسەن و ئازادیخوازانەکان بە لایەنی ئایینی، کە رووناکبیرانی ئایینیی ئیسلاحخواز و لەسەرووی هەموویان، خاتەمی ناوی خەڵك سالاری ئایینییان لێنا، لە بایەخ و پێگەی رەسەنی ئەم داخوازییانەی کەم کردەوە، تا ئاستێك کە بوو بە هێندێك قسە و باسی هیچ و پووچی بێناوەرۆك. لە لایەکیترەوە، دەرکی نیئۆلیبراڵی ئەم مەسەلەیە و پیرۆز کردنی میکانیزمەکانی بازاڕ، نە تەنیا چارەنووسی خەڵکی بە دەست ئەم میکانیزمە و خاوەنکاران سپارد، بەڵکوو زۆر جاران دەوڵەتی ئیسلاحخواز راستەوخۆ کەوتە دژایەتی ئاخێزی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش بۆ بەدی هێنانی داخوازییەکانیان.



***لێکدانەوەی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی و قەزاوەتی خەڵك***

ئەو پێوەندییە دەسکردانەی کە ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی لە نێوان ئازادییە سیاسییەکان و دۆخی ئابووری دروستیان کردبوو و بە پێڕەو کردنی فۆرمۆلی پێویستتر بوونی گەشەی سیاسی لەچاو گەشەی ئابووری، لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا کە لە دەسەڵاتی سیاسیدا شەریك بوون، لە راستیدا لە لایەکەوە سەرپۆشێك بوو بۆ چاوەڕوان راگرتنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە وەزعی ئابوورییان رۆژ بە رۆژ روو لە خراپی بوو و لە لایەکیترەوە خۆیان لە حاست کێشە و گرفتی چینە بندەستەکان بێوەزیفە بکەن. بێشك کرێکاران و چینە بندەستەکانی کۆمەڵگا لە هەر چین و توێژێکیتری کۆمەڵگا زیاتر پێویستییان بە دێمۆکراسی و ئازادیی سیاسی راستەقینە هەیە هەتا

بتوانن له سێبەریدا خەباتێکی کاریگەر بۆ باشتر کردنی ژیان و دۆخی ئابوورییان بەرەوپێش بەرن. کاتێك ئەمە تووشی گرفت دێت کە ئەم حەقیقەتە تەنیا بکەینە دروشمێك و ئیزن بە خەڵك نەدەین لە کردەوەی ڕۆژانەیاندا ئەم پێوەندییە لێکنزیکە ئەزموون بکەن. بە فۆرمۆڵ بەندییەکی تیئۆریك خەڵك ڕازی ناکرێت.

ئیسلاحخوازانی دەوڵەتیی لەو هەشت ساڵەی کە لە دەسەڵاتی سیاسییدا شەریك بوون، هیچ کاتێك ئامادە



نەبوون بۆ یەك جاریش پشتیوانی لە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و خەباتیان بۆ بەدی هێنانی مافەکانیان بکەن و یان بە کردەوە لەم پێناوەدا هەنگاوێك هەڵگرن. بە پێچەوانە، هەوڵیاندا کە هیچ کاتێك بەم تێکۆشانەی خەڵکی ئاسایییەوە بۆ باشتر کردنی دۆخی نالەباری ژیانیان نەلکێن. دەوڵەتی ئیسلاحخواز لەو ماوەیەدا هیچ هەوڵێکی جیددی نەدا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاوسانی بازاڕ کە داهاتی کەمی خەڵك توانایی کڕینی لێبڕابوو و بەردەوام لەم توانایەی کەم دەکردەوە. بە کورتی دەبێ بوترێ، هەشت ساڵ دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی ئیسلاحخوازی خاتەمی، بێجگەلە هەژاری زیاتر بۆ خەڵك دەرەنجامێکیتری بۆ جەماوەر نەبوو. بێجگەلە ئەمانە، دەوڵەتی ئیسلاحخوازی خاتەمی و یان مەجلیسی ئیسلاحخواز، لەو ماوەیەدا گەلێك یاسای دژە کرێکارییان پەسەند کرد کە دۆخی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی نالەبارتر کرد. بەم حاڵەشەوە، کەم تەرخەمی لە حاست کێشە ئابوورییەکان، بە هیچ جۆرێك شیکەرەوەی دۆخی واقعی و هۆکارەکانی شکستی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتی و داڕمانی پێگەی کۆمەڵایەتییان نییە کە لە دەمێك بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ڕابردووەوە دەستی پێکردبوو.

هەروەك وترا، پشت بەستنی یەك لایەنە بە سەرنج نەدان بە ئابووری، وەك فاکتەری سەرەکیی شکستی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی نادروستە و بە ناهەق دەتوانێ نمرەی ئیسلاحخوازانی دەوڵەتیی لە بەدواداچوونی ئازادییە سیاسییەکان بەرێتە سەرێ و بەسەر خەڵکدا منەت بکەن کە حازرن ئازادییەکەیان بە کیلۆیەك گۆشت بگۆڕنەوە. لەو هەشت ساڵەدا خەڵك زیاتر لە هەر شتێکیتر، لە ناشێلگیریی، جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکان و لاوازیی ئیسلاحخوازان لە داکۆکی لە ئازادییە سیاسییەکان دەرد و ڕەنجیان بینی و ناهۆمێد بوون. چاوەڕوانییەکی نابەجێیە لە خەڵك کە چارەنووسی خۆیان بە ڕێبەرێکی لاواز بسپێرن کە تەنانەت ورەی پێویستی بۆ کەڵك وەرگرتن لە ماف و دەسەڵاتی خۆی نییە و بە جێگەی بەرامبەرکێ کردن لەگەڵ نەیارەکەی، بە خۆی دەڵێ تەداروکاتچی. ئیسلاحخوازان لە پۆلۆمیکەکانیاندا، دۆخی کراوەتری سیاسی و زاڵبوونی دیالۆگی دێمۆکراتیك لە کۆمەڵگادا بە دەسکەوتی خۆیان دەزانن. ئەگەرچی دەور و نەقشی ئیسلاحخوازان لە گۆڕانی دۆخی سیاسی حاشای لێناکرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمەیە کە لە لێکدانەوەی نیهاییدا، دەوڵەت و مەجلیسی ئیسلاحخواز، خۆیان بەرهەمی گۆڕانی دۆخی سیاسی بوون، نەك خوڵقێنەرانی.

ئەرکە سەرەتاییەکەی، خەڵك لە شەقام و کۆڵان، ڕووناکبیران لە چاپەمەنییەکان، خوێندکاران لە زانکۆکان و کرێکاران و کارمەندان لە شوێنی کارەکانیان ڕاپانپەڕاند. دەسکەوتی واقعی ئیسلاحخوازان لە دەسەڵاتدا دەبوایە نیهادینە کردنی ئەم گۆڕانە لە دۆخی سیاسیدا بووایە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەسکەوتی دەوڵەتی

ئیسلاحخواز نزیک بە سفرە. ئیسلاحخوازان وایان بە باش زانی هەتا دەور و نەقشی سوپای ئیتمینان لە نیزامی سیاسیدا بگێڕن، نەک ڕێبەری بزووتنەوەیەکی ئیسلاحخوازی و لە کردەوەشدا، هەمیشە چەند هەنگاو لە خەڵک، خوێندکاران، لاوان، ژنان و کرێکاران لە دوا بوون و خۆیان لەمپەری سەر ئەم ڕێگایە بوون. تێئۆریسیەنەکانی ئیسلاحخوازان و دەوڵەتەکەیان، ڕاشکاوانەتر لە هەر کەسێکیتر دانیان بەوە داناوە، هەمان تاکتیکی دڕۆینەی "موزاکەرە لە سەرەوە و زەخت و گوشار لە خوارەوە". بە واتایەکیتر خەڵک بۆ ئەوان تەنیا سیاهی لەشکرن کە بۆ گوشار هێنان بۆ سەر حەریف دەبێ کەڵکیان لێوەرگیرێ.(ئەگەرچی لێرەشدا موزاکەرە کردن لەسەرەوە بە پێوستتر زانرا).

هەوڵی من لەم بابەتەدا ئەوەیە نیشانی بدەم کە لە مەسەلەی داخوازییە سیاسییەکانیشدا خەڵک قەرزدار نین، بەڵکوو تەڵەبکارانی واقعین و ئەوە ئیسلاحخوازانن کە لەم بوارەدا هەمیشە و بەتایبەت لە لایەن بەناوبانگترین سیمایان، واتە خاتەمی، بە جێی قازانجی خەڵک و ئازادییە سیاسییەکانیان، ... قازانجی نیزامی ئیسلامی لەبەرچاو گرت و هەر بۆیە دەبێ لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەرەوە بن. ئەم حەقیقەتە لە هەڵبژاردنەکانی رابووردوودا گەلێك ئاکامی زیانبار و کوشەندەی بۆ ئیسلاحخوازان هەبوو. نوێنەرەکانیان لە دەوری یەکەم و بەتایبەت لە دەوری دووهەمدا، بەلای خەڵکەوە، لە ئەحمەدی نژادیش زیاتر بە رژیمەوە لکابوون.








دەمێکە ئیسلاحخوازان رەنگ و روخساری دژە رەوتیان لەدەست داوەو بوونەتە بەشێك لە دەسەڵاتدارێتی نیزامی سیاسی ئێران. مەعەمای سەرکەوتنی سیمایەکی نەناسراوی وەك ئەحمەدی نژاد، ناکرێ تەنیا بە فڕوفێڵ تەوزیح بدرێ. بە پێچەوانە، ئەم خۆلکاندنە بە دەسەڵاتەوە کە ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی هەمیشە وەك خاڵێکی بەهێزی خۆیانی دەزانن، بووە خاڵێکی لاوازی ئاشکرای ئەوان. زۆرێك لە ئیسلاحخوازان خۆیان لەسەر ئەم باوەڕەن. بەڵێ، بوون بە بەشێك لە دەسەڵات( بە پێچەوانەی زۆرینەی هەڵسووڕاوانی سەرەکیی ئیسلاحخوان)، کە بۆ پاراستنی ئەو هەموو هەوڵە درا و ریسوایی حوکمی حکوومەتیشیان بە گیان کڕی، نەك خاڵێکی بەهێز نەبوو، بەڵکوو هۆکارێکی داڕمانی ئەم رەوتە بوو.

نابێ فەرامۆش بکرێ، ئەو ئەسڵانەی کە ئیسلاحخوازانی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبەستەوە، زۆر بنچینەدارتر و کۆنترە لە هەشت ساڵی رابووردوو و یان ئەو تاکتیك و ستراتیژییانەی ئەوان لەم چەند ساڵەی

رابووردوودا ڕەچاویان کرد. لە زۆر کاتدا ڕەچاو کردنی گەلێك تاکتیکی دیاریکراو بۆ پاراستنی نیزام لە بەرامبەر جەخت کردنە سەر ئەو بەرنامە ئیسلاحیانەی کە بە خەڵك بەڵێنی درابوون، لە مێژوویەك سەرچاوە دەگرێ کە ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کرد. ناکامی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە ڕاگەێندراوەکانی و شکستی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی بە ئیدیعای "حکوومەتی موستەزعەفین" لە لایەك و لە لایەکیترەوە خەباتی جەماوەر بە هۆی ناڕەزایی قووڵ لە هەشت ساڵ سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی، هەژاریی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر و سەرەنجام نالەبار بوونی هەرچی زۆرتری دۆخی ئابووری، دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانی تووشی کەلەبەر و چەند بەرەکایەتی کرد و ڕەوتی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی لە ناو بەشێك لە دەسەڵاتدا پێك هێنا. لە ناو ئەو کەسانەی بە ڕەوتی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتی پەیوەست بوون، دەکرێ ناوی ئەو کەسانە بەرین کە ناوی میللی مەزهەبی‌یان لەسەر خۆیان دانا. ناوکی سەرەکیی ناو میللی مەزهەبییەکان، ڕووناکبیرانێك بوون کە بە نفووزی خۆیان لەناو توێژە خوێندەوارەکانی کۆمەڵگا و خوێندکاران، ڕێگەیان بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ڕۆحانییەکان لە پرۆسەی خەبات بە دژی ڕژیمی پێشوو لەبار کرد. بەشێکیتر لە پشتیوانانیان لە ناو کەسانێکدا بوون کە لە ساڵانی ڕابوردوودا لەژێر ناوی باڵی چەپ(لایەنگرانی خەتتی ئیمام) لە دەسەڵات دوور خرابوونەوە و تەنانەت نەیانتوانیبوو بچنە مەجلیس و بە تەواوەتی خرابوونە پەراوێزەوە. ئیعتراز و خەباتی خەڵك و پشتیوانییەکی بەرین کە لە خاتەمی کرا دەرفەتێك بوو هەتا ئەم کەسانە بە وەرچەرخانێکی سەد و هەشتا دەرەجەیی لە خەتتی ئیمامەوە بۆ نێئۆلیبراڵی، پاش ساڵانێك دوور کەوتنەوە، دووبارە بگەڕێنەوە لوتکەی دەسەڵات. ئەگەرچی وەك یەك چاو لێکردنی هەموو ئیسلاحخوازان بێئینسافییە، بەڵام دەبێ بوترێ کە بەشێکی بەرچاو لەوان خەڵکیان کردە پەیژەیەك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەهرەمەند بوون لە بەرهەمەکانی. لە دوایین ڕۆژەکانی بەر لە دەورەی نۆهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، پاشماوەکانی ئەم دەستەیە بوون کە بەرەی دژە فاشیستی‌یان بە ڕێبەریی یەکێك لە مێعمارەکانی سەرەکیی نیزامی سەرەڕۆی ئایینی، واتا ڕەفسەنجانی، پێك هێنا. هەر چاوەدێرێکی بێلایەن و هەر کەسێك ئەلف و بێی سیاسەتی ئێران فێر بووبێ، دەزانێ کە بەرەی دژە فاشیستی و ڕەفسەنجانی وەك ڕێبەری ئەم بەرەیە، بە مەنێك سرێشەوە پێکەوە نالکێن. ئەم دەستەیە لە ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی کە لە جێبەجێ کردنی تاکتیکی موزاکەرە کردن لە سەرەوە، لەو هەشت ساڵەدا لەباری سیاسییەوە بە تەواوەتی گەندەڵ ببوون، بەر لە دەرکرانیان لە دەسەڵاتی سیاسی ئەم تیرەیان لە کەوان دەرکرد و زەبرێکیتریان لە بزووتنەوەی دێمۆکراسی خوازی لە ئێران دا.

سەیر ئەمەیە، لەو هەشت ساڵەدا کە باڵی ویلایەتی فەقیە هەموو هەوڵێکی دا بۆ لاواز کردنی هەڵسووڕاوانی ئیسلاحخواز و لەم ڕێگەیەدا لە هیچ پێشێلکارییەکی یاسا(هەڵبەت بە پێوەرە یاساییەکانی خۆیان) سڵیان نەکرد، ڕەفسەنجانی تەنانەت بۆ جارێکیش ئیعترازی نەکردووە. لایەنە پشتی پەردەکانی سیاسەتی خراپ لە بەرامبەر خراپتر، بێجگە لە پەلەقاژەیەك بۆ بە دەستەوە گرتنی چەند وەزارەت لە دەوڵەتی ڕەفسەنجانیدا هیچیتر نەبوو. هەر بۆیە ئەوە هەمان سیاسەتی موزاکەرە کردن لەسەرەوە، گوشار هێنان لە خوارەوە (تێئۆری سەعیدی حەججارییان)ە ئەمجارەیان لە هەموو جارەکانیتر خراپتر شکستی خوارد. وای

دانـێین کـه رەفسـەنجانی بـه پشـتیوانی ئـەم دەسـتەیە لـه ئیسـلاحخوازانی دەوڵـەتی، لـەم هەڵبژاردنانـەدا سەرکەوتبایە. لەم حاڵەدا بۆ دەورەیەکیتر رەفسەنجانی دەبووە رێبەری رەوتی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتیی. ئایا زەرەر و زیانی لەوە زیاتر کە ئەم کەسە لە لوتکەی خەباتی ئیسلاحخوازانەی خەڵک دابووایە بیری لێکراوەتەوە؟ دەبێ خۆشحاڵ بین کە خەڵکی ئێران بەریان بەم کارەساتە گەورەیە گرت، تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی سەرکەوتنی سیمایەکی نەناسراو و بێکیفایەتی وەك ئەحمەدی نژادیش بێت کە ئەگەر هەموو سەرلەبەیانییەك بەر لە دەسپێکردنی کاری رۆژانە، بۆ رێنوێنی خواستن لەمەڕ کاروباری رۆژانە، دەچێتە خزمەت بەیتی رێبەری و فەرمایشاتی دەکاتە ئاڵقەی گوێی. رەوتی سالمتری ئیسلاحخوازان ئەو بەشە بوون کە وردە وردە چ لە باری فیکری و چ لە تاکتیکە سیاسیەکاندا بە تێگەیشتن لە بێکەڵك بوونی رەوتی ئیسلاحکردنی نیزام لە ناوەوە، لەم چوارچێوەیەش زیاتر بەرەوپێش چوون و بە شێوازی جۆراوجۆر سەرجەمی نیزام و لوتکەکەیان دایە بەر رەخنە و خوازیاری گۆڕان یان لانیکەم دێمۆکراتیزە کردنی پێکهاتەکانی دەسەڵات بە پرس کردن بە جەماوەر بوون. هەڵبەت زۆرێك لەوانە دەستبەجێ بەرەوڕووی دەزگای سەرکوتی رژیم بوون و زۆرێك لە سیما ناسراوەکانیان کەوتنە زیندان و هەتا ئێستاش هەر لە زیندان دان. بۆیە هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، رەوتی ناڕەزایی گشتی لە ئاکاری ئیسلاحخوازان، هەر وەك ئەو کاتەی کەلەبەری خستە ناو ریزەکانی رژیم کۆماری ئیسلامی، ئەمجار ریزەکانی ئیسلاحخوازانی تووشی دووبەرکی کرد.

درێژەی هەیە